# شێوازی خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا

لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە

**پ. د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی**
بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەددین
Sajidah.farhad@su.edu.krd

**پ. ی. د. عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی**
بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەددین
Atif.farhad@su.edu.krd

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (شێوازی خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا) یە، کە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێک لایەنی خۆزگەیی لە زمانی کوردی بەتایبەتی لە زاری کوردی ناوەڕاستدا تەرخانکراوە، کارەکە زیاتر ئاستی سینتاکسی دەگرێتە خۆ، هەندێ جاریش لە کاتی پێویستدا دەچێتە نێو ئاستەکانی تر.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا هیج سەرچاوەیەک ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ باسی ئەم بابەتەیان نەکردووە، بە پێویستمان زانی توێژینەوەکەمان تایبەت بێ بەم بابەتەوە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوە بکەین.

### کەرەستە و ڕێبازی توێژینەوەکە:

زاری کوردیی ناوەڕاست دەکرێتە کەرەستەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی زۆری ڕستە و نموونەکان لە (چیرۆک و شیعر و پەندی پێشینان) وەردەگرین ، هەندێ جاریش ئەگەر پێویستی

کرد قسەی ڕۆژانەی خۆمان و خەڵک بەکاردێنین. ڕێبازی توێژینەوەکەش ڕێبازی وەسفی شیکارییە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: تایبەتکراوە بۆ پێداچوونەوە بەسەر هەندێک لەو کارانەی باس لە خۆزگەیی دەکەن لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی گشتی کارەکانی پێشتر.

بەشی دووەم: بە ناونیشانی (پێناسە و جۆرەکانی خۆزگەیی)یە ، کە ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆ: پێناسەی خۆزگەیی، تایبەتییەکانی خۆزگەیی، مۆرفیمەکانی خۆزگەیی، شێواز و جۆرەکانی خۆزگەیی لە ڕووی واتا و ڕۆنانەوە .

لە کۆتاییشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان نووسراوە.

کلیلە وشەکان: خۆزگەیی، مۆرفیمەکان، جۆرەکانی ڕستە، مەبەستەکان.

# بەشی یەکەم

## پێداچوونەوە بەسەر هەندێک لەو کارانەی پێشتر دەربارەی خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا کراون:

خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا وەک بابەتێکی ڕێزمانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ نەکراوە، بەڵکو ژمارەیەکی کەم لە ڕێزماننووسان لە دووتۆیی باسەکانیاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە ئەم بابەتە کردووە و بەپێی بیر و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان باسیان لێوە کردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی، بە سەر هەندێک لەو کارانەدا بچینەوە و بیانخەینە ڕوو:

- سەعید سدقی کابان لە ژێر ناونیشانی (أدوات ترجی)دا بەم شێوەیە باس لە ئامرازی خۆزگەیی دەکات و بە ئامرازی ترجی ناوی دەبات و دەڵێ: چەند لفظێکن رجا و تکایان پێ دەکرێ بعضێ لەوان ئەمانەن:

خۆزگا، خۆزگایەکو، کاشکی، بریا، نموونەشی بۆ هێناوەتەوە. (کابان، ١٩٢٨، ٥٣).

- نووری عەلی ئەمین لە ژێر ناونیشانی دەمەکانی فرماندا لە جۆرەکانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە پێناسەی فرمانی ڕابردووی ئینشائی دەکات : ئەو فرمانەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ ئەکا، لە زەمانی ڕابردوودا، چ لە وێنەی داخوازیدا بێ، چ لە وێنەی گومان، چ لە وێنەی تکادا ، ئەم نموونانەشی هێناوەتەوە:

- ئەگەر بمدیایە، ئامۆژگاریم ئەکرد. (بمدیایە)
- خۆزگە بچوومایە بۆ لای. (بچوومایە)

لە پێناسەکەدا ڕاستەوخۆ ناوی خۆزگەیی ناهێنێت، بەڵکو لە فرمانی ڕابردووی ئینشائیدا دەڵێت جۆرێکیان لە وێنەی داخوازی دەبێت.

هەروەها ڕێگای دروستکردنیشی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو:

| پیتە پاشگر | چاوگی کرتێنراو تێنەپەڕ | ا- پیتە پێشگر |
|---|---|---|
| ڕاناوی کەسی + ایە | خەوت + | ب + |

- خۆزگە من بخەوتمایە .(م)
- خۆزگە تۆ بخەوتیتایە .(ت)
- خۆزگە ئەو بخەوتایە. (.)

| پیتە پاشگر | چاوگی کرتێنراو تێپەڕ | ب- پیتە پێشگر |
|---|---|---|
| شکاند + ایە | ڕاناوی کەسی لکاو+ | ب + |

- بریا من بم شکاندایە. (م)
- بریا تۆ بت شکاندایە.(ت)
- بریا ئەو بی شکاندایە.(ی)

هەروەها بەم شێوەیە باس لە نەفیکردن دەکات : ئەگەر مەنفی بێ و تەواوکەرەکە ناونەبرێ ، ڕاناوە کەسییە لکاوەکان ئەلکێنرێ بە دوا ئاوەڵکاری (نە) وە، وەک :

- کاشکی من نەم شوشتایە (م)
- کاشکی تۆ نەت شوشتایە.(ت)
- کاشکی ئەو نەی شوشتایە. (ی)
- خۆزگە نەتان خواردایە. (تان) ( ئەمین، ١٩٥٦، ٢٩).

باس لەوەش دەکات ئەگەر موسبەت بێ یان نەفی تەواوکەرەکەی ناوبرا ، ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بە دوا تەواوکەرەکەوە. وەک :

- خۆزگە من هەنارەکەم بویستایە. (م)
- خۆزگە تۆ هەنارەکەت بویستایە. (ت)
- خۆزگە ئەو هەنارەکەی بویستایە. (ی) ( ئەمین، ١٩٦٠، ١٧١-١٧٣).
- بریا گوڵەکەتان نە رروانایە. (تان)
- بریا گوڵەکەمان نە رروانایە. (مان)

- بریا گوڵەکەیان نە رروانایە. (یان) ( ئەمین، ١٩٥٦، ٢٩).

نووسەر لە ڕێگای دروستکردنی ئەم شێوازەدا دوو لایەنی تێکەڵ بەیەک کردووە ئەویش لایەنی دەنگسازی و وشەسازییە (پیت و پێشگر). هەروەها لە (ا- چاوگی کرتێنراوی تێنەپەڕ و ب- چاوگی کرتێنراوی تێپەڕ)دا، تەنیا بە شوێنگۆڕینی ڕاناوە لکاوەکان جیاوازی خستۆتە نێوانیان ، کەچی دەبوایە بۆ چاوگی کرتێنراوی تێپەڕ شوێنێکی تری بۆ  راناوی لکاوی بەرکار دەستنیشان کردبا، کە دەکەوێتە دوای چاوگە کرتێنراوەکە و پێش (ایە) وەک : بریا من بم شکاندنایە.

- ڕەفیق شوانی لە بابەتی لاڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا  بەم شێوەیە باس لە لاڕستەی خۆزگەییدا دەکات : لاڕستەی شوێنکەوتووی ناو ڕستەی ئاڵۆز کە لە بنەڕەتیدا ئامرازی خۆزگە و گومان و تەئکیدن و لە ناو لاڕستەکەشدا مەبەستەکەی خۆیان ون ناکەن، ئەو نموونانەشی بۆ لاڕستەی خۆزگەیی هێناوەتەوە، کە پێش شاڕستەکە دەکەون:

- خۆزگە دەمزانی کەی دەهاتەوە. ( خۆزگە، کاشکی).
- بریا بمزانیایە لەمەو دوا چی ڕوو ئەدات (بریا). (شوانی، ٢٠٠٣، ١١٢).

هەروەها ڕەقیق شوانی لە کتێبی وشەسازی زمانی کوردیدا لە بابەتی ئامرازی نیازداری باس لەو ئامرازانە دەکات، کە مۆرفیمی سەربەخۆی واتادارن (وشە)، وەک ( ئامرازی سوڕمان، ئامرازی وەڵام، ئامرازی بانگکردن و ئامرازی خۆزگە و گومان ) وەک خۆزگە، بریا،... (شوانی، ٢٠١١ ، ٥٦).

- لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد لە بابەتی ئامرازی تعجب بەم شێوەیە باس لە خۆزگە دەکەن: خۆزگە لەگەڵ ڕێژەی ڕابردووی ئینشائی و ئیستیمراری بەکار دەهێنرێت و لەتەک

ڕیژەکانی تری کاردا بەکار نایەت، هەروەها دەشێت ڕێژەکەی نەفیش بێت، وەک:

- خۆزگە دەمزانی تۆ چیت دەوێت.
- خۆزی ئەو شەوە بهاتنایە.
- خۆزگە نەچووبامایە سەفەر.
- – کاشکی لەگەڵ ئێوەدا بهاتایە.
- بریا گوڵەکەم بڕواندایە. ( لیژنەی زمان ،٢٠١١، ٣٥٥).

– عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ لە بابەتی پۆلینی ڕستە لە ڕووی گەیاندنی واتادا لە جۆری ڕستەی خۆزگەییدا بە جیاوازی نێوان خۆزگەیی و داخوازی دەست پێدەکات و دەڵێ: لە خۆزگەییدا قسەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ لە ڕابردوودا شتێکی بۆ بهێنرێتە ئارا، بەڵام کاتی ڕابوردوو بەسەرچووە و لەدەست چووە و دەسەڵاتمان بەسەری نەماوە، بۆیە تازە ناکرێ ئاواتەکەی قسەکەر بهێنرێتە دی و داواکاریەکەی دەبێتە خۆزگەیی. هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆنیەتی داڕشتنی ڕستەی خۆزگەیی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێ، ئەگەر بواری ڕوودانی کارەکە ڕابردوو بێ ئەم شێوازانە دەبیسترێن:

– چووبام... چووبای ... چووبا...
– بچووام... بچووای... بچووا...
– بچووبام... بچووبای... بچووبا...

بەڵام ئەگەر بواری ڕوودانی کارەکە لە ڕابردوودا تا کاتی ئێستا درێژ بکرێتەوە بەم شێوەیە دەبێت:

–چووبامایە... چووبایتایە... چووبایە
–بچوومایە... بچووبایتایە... بچووایە
–بچووبامایە... بچووبایتایە...بچووبایە .

هەروەها هەندێک لە سیماکانی ئەم جۆرە ڕستەیەی خستۆتە ڕوو.
( ڕەسوڵ، ٢٠١٤، ٥٤).

– هاوکار عومەر لە نامەی ماستەرەکەیدا لە بەشی سێیەم بەندی یەکەمدا بەم شێوەیە باس لە ڕۆڵی (ب)ی مۆرفیمی ئارایی لە ڕستەی خۆزگەیی دەکات:

– مۆرفیمی ئارایی پێشگر:

مۆرفیمی (ب–)ی ئارایی لە کاری تێنەپەڕی خۆزگەیی دەبێتە پێشگر و لە سەرەتای کاری خۆزگەییدا دەردەکەوێ، بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | م ئارایی | ڕەگی کار | م ڕابردوو | ڕاناو | م ڕابردوو | ناوبڕ | ئێستا |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| – بخەوتمایە | ب + | خەو + | ت | +م | + ا | + ی | + ە |

هەروەها لە کارە تێپەڕە خۆزگەییەکانیشدا بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | م ئارایی | ڕاناوی خاوەنی/بکەر | ڕەگی کار | م ڕابردوو |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| - بمگرتنایە | ب + | م + | گر | +ت |

| ڕاناوی ڕێککەوتن/بەرکار | م ڕابردوو | ناوبڕ | ئێستا |
| --- | --- | --- | --- |
| +ن | +ا | + ی | +ە |

–مۆرفیمی ئارایی پاشگر:

مۆرفیمی (–ب)ی ڕەگی بوون دەبێتە مۆرفیمێکی پاشگر و دەچێتە سەر کاری خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | پێشگر | ڕەگی کار | م ڕابردوو | ئارایی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| – هەڵپرووکابایە | هەڵ + | پڕوک + ا + | ب + | ا + |

| م ڕابردوو | ڕاناو | م ڕابردوو | ناوبڕ | ئێستا |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| Ø | +ا | ی + | + | ە |

- مۆرمیمی ئارایی پێشگر و پاشگر:

مۆرفیمی (ب-)ی ئارایی وەک پێشگر لە سەرەتای کارەکەدا دێ و لە هەمان کاتدا مۆرفیمێکی تری (-ب)ی دووبارەی ئارایی دەبێتە پاشگر بەم شێوەیەی خوارەوە:

| کاری خۆزگەیی | م ئارایی | ڕەگی کار | م ڕابردوو |
|---|---|---|---|
| بچووبا | ب | + | چ |

| م ئارایی | دووبارە | م ڕابردوو | ڕاناو | ناوبر | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| + و | | + ب | + ا | | + ین |

هەروەها توێژەر باس لە ڕۆڵی (ب)ی مۆرفیمی ئارایی دەکات لە بکەرنادیاری لە ڕستەی خۆزگەییدا بە مۆرفیمێکی خۆشەکی (بە ئارەزوو)ی دادەنێت، وەک:

- خۆزگە سنووری هەرێم جێگیر (ب)کرایە.
- خۆزگە ژینگەی وڵات پاک ڕا(ب)گیرایە.

لە کۆتاییشدا باسی نەرێکردن دەکات لە ڕستەی خۆزگەییدا ئەم نموونانەشی هێناوەتەوە:

- بریا دانەمەزرابام.
- یاخوا پێنەگەیشتنایە ( خدر،٢٠١٣، ٦٤-٧٩).

هەرچەندە ئەم ڕستەیەی کۆتایی خۆزگەیی نییە ، بەڵکو یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستەی دوعاکردن.

**هەڵسەنگاندنێکی گشتی کارەکانی پێشتر:**

١- ڕێزماننووسەکان هەریەکەیان بەپێی مەبەست و ئامانجی خۆیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لایەنێکی خۆزگەییان کردووە، نەک هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، بە تایبەتیش لە چوارچێوەی ئامرازدا باسی خۆزگەییان کردووە.

٢- کارەکانی پێشتر زۆرتر لایەنی وشەسازییان گرتووە و کەمتر دەستنیشانی لایەنی ڕستەسازییان کردووە.

٣- ڕێزماننووسەکان لە ژێر ناونیشان و زاراوەی جیاجیا باسی خۆزگەیان کردووە لەوانە: ادواتی ترجی، ئامرازی نیازداری، ئامرازی تعجب، ئامرازی خۆزگەیی، فرمانی ڕابردووی ئینشائی،... بەڵام ئێمە زاراوەی خۆزگەییمان بەپەسند زانیوە بەکاری بێنین، چونکە ئەم زاراوەیە زیاتر باوترە و ڕۆژانە زۆر بەکاری دێنین.

٤- زۆربەی ڕێزماننووسەکان بێ ئەوەی پێناسەیەکی گونجاو بۆ بابەتەکە بکەن، تەنیا نموونەیان بۆ ئامرازەکان هێناوەتەوە و جۆر و تایبەتییەکانی ئەم جۆرە ڕستەیان فەرامۆش کردووە.

٥- هەندێک لە ڕێزماننووسەکان لایەنی دەنگسازی و وشەسازییان تێکەڵ بەیەکتر کردووە .

# بەشی دووەم
## پێناسە و مۆرفیم و جۆرەکانی خۆزگەیی

### پێناسە:

خۆزگەیی یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستەی داخوازی، قسەکەر زۆرجار لە ئاخاوتن و ئەدەبیاتیشدا پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبات، چونکە قسەکەر حەزدەکات داواکەی بەدی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بە دووری دەزانێت بۆی بەدی بێت، بۆیە بەتەما نییە داواکەی جێبەجێ بێت ئیتر کاتی خۆی پێوە خەریک ناکات و تەنیا داواکە دەردەبڕێت. خۆزگە کۆمەڵێک پێناسەی بۆ کراوە لەوانە:

- خۆزگە داواکردنی شتێکە، کە خۆزیار لای خۆشەویستە و ئارەزووی لێیە پێی بگات، بەڵام پێی ناگات یان لەبەرئەوەی شتێکی مەحاڵە یان لەبەر ئەوەی دوورە لە بەدەستهێنانی. ( قیود، ٢٠١١، ٤٢).
- خۆزی داواکردنی شتێکە بەهۆی یەک لە ئامرازەکانی تایبەت بەو مەبەستە، شتەکەش لەوانە نەبێ بێتە دی (گەردی، ٢٠١٣، ١٦).
- خۆزگە داوای بە ئەنجامگەیشتنی شتێکی خۆشەویستە، بێ ئەوەی چاوتیبڕین و چاودێرییەکت هەبێت لەسەر بە ئەنجامگەیشتنی (عباس ،١٩٨٩، ١٦٠).
- خۆزگە داواکردنی شتێکی خۆشەویستە، کە دەشێ ئەو شتە مەحاڵ بێت یان بە دوور بزانرێت (باطاهر، ٢٠٠٨، ٩٥).
- خۆزگە بۆ بەدەستهاتنی شتێکی خۆشەویستە، ئەو شتە هی ڕابردووە، کە ئیتر مەحاڵە وەدی بێت، یانیش هی داهاتووە، کە ئەمەشیان ناشێ لە نزیکدا وەدی بێت و هەروەها نازانرێ لە ئایندەی دووریشدا وەدی بێت. ( مستەفا، ٢٠١٠، ٤٠).

- لە خۆزگەییدا قسەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ لە ڕابردوودا شتێکی بۆ بهێنرێتە ئارا، بەڵام کاتی ڕابوردوو بەسەرچووە و لەدەست چووە و دەسەڵاتمان بەسەری نەماوە، بۆیە تازە ناکرێ ئاواتەکەی قسەکەر بهێنرێتە دی و داواکارییەکەی دەبێتە خۆزگەیی. ( ڕەسوڵ، ٢٠١٤، ٥٤).

لە کۆی ئەم پێناسانەدا دەتوانین بڵێین : خۆزگەیی یەکێکە لە جۆرەکانی داخوازی ، کە قسەکەر ئاوات و ئارەزووی بەدەستهێنانی شتێک دەخوازی لە پێناو خۆشەویستی، کە لە ڕابردوو رووی داوە و بەسەرچووە و هەرگیز بەدەست نایێ و ئەنجامدانی کارەکە دەبێتە خۆزگەیی، بۆیە لە پەندی پێشینانیش ئاماژە بەوەکراوە، کە شتێکە لەدەست چووە و ناگەڕێتەوە (داری بریایێ قەت شین نابێ یان بەرناگرێ).

## تایبەتییەکانی شێوازی خۆزگەیی:

- ئەم جۆرە ڕستەیە بە هۆی مۆرفیمی خۆزگەیی و کارەکەی کە هەمیشە ڕابردووە لە ڕستەکانی تر جیادەکرێتەوە و شێوەی سەربەخۆی دەبێت.

- ڕستەی خۆزگەیی ڕاستی و هەڵە هەڵناگرێ، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی داخوازی.

- لەم جۆرە ڕستەیەدا بە زۆری مۆرفیمی خۆزگەیی بەشی پێشەوەی ڕستەکە دەگرێ.

- خۆزگە پیاو خراپ وەکو هەنگ بووایە
  کە پێوەی ئەدای گیانی دەرچووایە.

- قسەکەر بەشێوەیەکی گشتی کەسی یەکەم دەبێت.

- ئەم جۆرە ڕستەیە دوو شێوەی هەیە ( ئەرێ) و (نەرێ).

- بریا دارەکانم ئاودابا.        (ئەرێ)
- بریا ئەوەندەم نەخوێندبا.    (نەرێ)
- لەم جۆرە ڕستەیەدا لە قسەکردندا ئاوازەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە وەردەگرێت و لە کاتی نووسیندا ڕستەکە کۆتایی بە خاڵ یان خاڵ و ئامرازی سەرسووڕمان دێت.
- ئەم جۆرە ڕستەیە شێوەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆزی هەیە.
- ئەم جۆرە ڕستەیە لە بنچینەدا بە شێوەیەکی گشتی بە مەبەستی پەشیمانییە بە (کردن و نەکردنی) کارێک، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا چەند مەبەستێک لە خۆ دەگرێ لەوانە: دوعالێکردن، ئاوات و ئارەزوو، گلەیی،...

**مۆرفیمەکانی خۆزگەیی:**

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک مۆرفیم هەن ، کە بەشداری شێوازی خۆزگەیی دەکەن ، کە واتای (لیت، لعل) ی عەرەبی ڕادەگەیەنن، کە دەوریان لە ڕستەدا وەک هەر بەشێکی تری ئاخاوتن ئاشکراو حیساب بۆ کراوە (لێژنەی زمان، ٢٠١١، ٣٤٨) ، لە وانە:

- خۆزگە: ئەم مۆرفیمە لە هەمو مۆرفیمەکانی تر زیاتر بەکاردێت بەتایبەتی لە کوردیی ناوەڕاستدا ، بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکە و لەگەڵ کاری ڕابردووی ئینشائی و بەردەوامی بەکار دێت، وەک:

-خۆزگە دەمزانی تۆ چیت دەوێت.
-خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تار
خۆزگە تاوێ ڕام نەبواردبایە بێ یار     (هێمن،١٣٩٦ :٣٤٠)

هەندێ جاریش وشەی تر دەچێتە پێشەوەی مۆرفیمەکە لەوانە: (هەزار، سەد، هەر...)وەک:

- سیا چاڵی کچانە کۆشکی میران
هەزار خۆزگە بە کاوڵاشی فەقیران (هێمن،١٣٩٦ :٢١٥)

- سەد خۆزگە بەوەی مرد و نەما ناوی لە کایە
بێ خەم لە خەمی هام وەتەن و باوک و برایە (قانع، ١٩٧٩، ١٥٨)

- هەر ئەموت خۆزگە دنیام بدیایە
گلەیی خەڵکم لێ بپرسیایە (پیرەمێرد، ٢٠١٦، ٣٠٤)

هەندێ جاریش مۆرفیمەکە دووبارە دەبێتەوە، وەک:
- خۆزگە سەد خۆزگە بە وانەی کەم و ئاسوودە دەژین.
(هێمن، ١٣٩٦، ١٦٢)

– خۆزگەم: ئەم مۆرفیمەش یەکێکە لە مۆرفیمەکانی خۆزگەیی کە زۆر بەکاردێت، وەک:

– خۆزگەم بە وانەی کە لە هیچ ناگەن
لە "دار العلم " و "حقوق" پێناگەن. (پیرەمێرد،٢٠١٦، ١٥٤)

- خۆزگەم بەو کەسەی بۆ خۆی مردووە
لە هاوڕێتی (کەر) نەجاتی بووە ( قانع، ١٩٧٩، ٣٧١)

– ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار.
–خۆزی: ئەم مۆرفیمەش یەکێکی ترە لە شێوەکانی خۆزگەیی وەکو ئەوانی تر بەکاردێت، وەک:
– خۆزی ئەو شەوە بهاتنایە.
– خۆزیم بە خۆزیداران..

- کاشکێ: ئەم مۆرفیمەش وەک خۆزگە لەگەڵ ڕێژەی ڕابردووی ئینشائی و بەردەوامی لە حاڵەتی ئەرێ و نەرێ بەکاردێت، وەک:

-کاشکی بە جلوبەرگی جوانەوە دەمدیت.

- کاشکی دوکتۆری چاو بوومایە من

ڕەگی چاویەشەم ئەکێشا لە بن ( پیرەمێرد،٢٠١٦، ٢٥٥)

- کاشکێ یاسایەکی تازەم ئەدی

پڕ لە سوودبێ بۆ گەل و نیشتمان ( قانع، ١٩٧٩، ١٦٤)

-بریا: ئەم مۆرفیمەش بەتایبەتی لە کوردیی ناوەڕاستدا بە زۆری لە ڕێژەی ڕابردووی ئینشائی بەکاردێت، وەک:

- بریا گوڵەکەم بڕواندایە. (لیژنەی زمان ، ٢٠١١، ٣٥٥).

- بریا هی من با ئەو گوڵە سوورە (ئەرێ)

حەیفە کەوتە ناو ئەو شێت و شوورە (هێمن،١٣٩٦، ٣٠١)

· بریا دوێنێ نەهاتنایە. (نەرێ)

**- شێوازەکانی ڕستەی خۆزگەیی:**

ڕستەی خۆزگەیی دوو شێوازی هەیە ئەوانیش:

**یەکەم/ خۆزگە بە هۆی مۆرفیمەکانی خۆزگەیی:**

لەم شێوازەی ڕستەدا مۆرفیمەکانی خۆزگەیی دەورێکی سەرەکییان هەیە لە پێکهاتنی رستەکە و بەهۆی مۆرفیمەکان ئەم شێوازەیان دەناسرێتەوە ، ئامراز یان نیشانە یان مۆرفیم لە زۆربەی زمانەکاندا هەن کە هەندێکیان سەرەکین و هەندێکیان لاوەکین ، لە زمانی کوردیشدا بەهەمان شێوەی زمانەکان کۆمەڵێک مۆرفیم هەن کە بەگوێرەی زار و شێوەزارەکانن. لەوانە ( خۆزگە، خۆزی، بریا، کاشکی..) وەک ئەم نموونانە:

- خۆزگە کتێبەکەم بکڕیبایە.
- بریا قسەم نەکردبا.
- کاشکی لەگەڵ ئێوە نەهاتمایە.

**دووەم: خۆزگە بە بێ مۆرفیمی خۆزگەیی:**

لەم شێوازەیاندا مۆرفیمەکانی خۆزگەیی بە هیچ شێوەیەک لە ناو ڕستەکەدا بەکار نایێت ، بەڵکو بە هۆی شێوازی دەربڕینەکەی دەناسرێتەوە، کە دەربڕینەکەی چ پەیامێکی هەڵگرتووە و گوزارشت لە چی دەکات. وەک:

- هەر نەبوومایە بە دەردی عەشقی یاری موبتەلا
جا دەبووم قیروسیا ڕۆژێ دوو چاری سەد بەڵا (حەمدی ، ٢٣٨) .

- ئەی وت ئەی خوا، بەختم بووایە
بۆ بووم بە هاوڕێی ئەم بێ حەیایە ( قانع،١٩٧٩، ٣٧٠)

**- جۆرەکانی خۆزگە لە ڕووی واتاوە:**

خۆزگە لە ڕووی واتا و بەدیهاتنەوە چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

١- خۆزگەی مەحاڵ: لەم جۆرەیاندا خۆزیار داوای شتێکی خۆشەویست دەکات، بەڵام شتەکە مەحاڵە و زۆر دوورە پێی بگات و قەت چاوەڕوانی هاتنەدی ناکرێت (گەردی، ١٩٧٩، ٤٤)، واتە بە هیچ شێوەیەک بەدی نایێت. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- خۆزگە دەگەڕامەوە کاتی لاوی.
- خۆزگە مردن نە بوایە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینین گەڕانەوە بۆ کاتی لاوی داوایەکی خۆشەویستە، بەڵام بەدیهاتنی شتێکی مەحاڵە و قەت

چاوەڕوانی هاتنە دیی ناکرێت، هەروەها مردنیش بە دەست کەس نییە بتوانێ ڕای بگرێت و نەیهێڵێ هەر بەردەوامە.

٢- خۆزگەی دوور لە مەحاڵ/ پێشبینی ڕوودان و پێگەیشتنی دەکرێت:

لەم جۆرەیاندا خۆزیار خۆزگە بە شتێک دەخوازێ، کە دوور نییە رۆژێک لە ڕۆژان داواکەی بەدی بێت و پێی بگات. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- خۆزگە پارە و پوولێکی باشم دەبوو.

- خۆزگە ! لە باتی نوشتە نووسینم

مەلەم ئەزانی ، گیانی شیرینم (قانع،١٩٧٩، ٣٧٥)

لەم نموونانەی سەرەوەدا خۆزیار لەبەر ئەوەی خۆی دەناسێ کە چەند هەژار و دەست کورتە ، قەت چاوەڕوانی ئەوە ناکات و بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو خۆزگەیەی دەیخوازێ بێتەدی ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵ و دوور نییە ، رۆژێک ئەو خۆزیارە ببێتە خاوەنی ئەو پارە و پوولەی کە خۆزگەی بۆ دەخواست، بە هەمان شێوە خۆزیار لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان فێری مەلەکردن بێت.

## پێکهاتەی ڕستەی خۆزگەیی:

بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتە و داڕشتنی کاری خۆزگەیی بەم شێوەی خوارەوەیە:

کاری خۆزگەیی تێنەپەڕ= م (ب )+ ڕەگ + م کات + جێناوی لکاو (بکەر) + (م کات(ا)+ناوبر یـ +م کات(ە))

بکەو تمایە /ئەرێ = ب + کەو + ت + م + ا + یـ + ە

بخەوتینایە = ب + خەو + ت +ین + ا + یـ + ە

نەکەوتمایە/ نەرێ = م(نە)+ ڕەگ + م کات + جێناوی لکاو(بکەر) +(م کات(ا)+ناوبر یـ +م کات(ە))

نە + کەو + ت + م + ا + یـ + ە

نەخەو تینایە= نە + خەو + ت +ین + ا + یـ + ە

کاری خۆزگەیی تێپەڕ=

م (ب )+ جێناوی لکاو(بکەر)+ڕەگ+ م کات+جێناوی لکاو (بەرکار)+ +(م کات(ا)+ناوبر یـ +م کات(ە))

ئەرێ/بمکڕینایە = ب + م + کڕ +ی + ن + ا + یـ + ە

بتفرۆشتمایە= ب + ت + فرۆش + ت + م + ا + یـ + ە

نەرێ/ نەتفرۆشتمایە= نە + ت+ فرۆش + ت+ م+ ا + یـ+ ە

ڕابردووی ئینشائی:

خۆزگە

کاشکی + ڕابردووی ئینشائی/ تێپەڕ (ب+ جێناوی لکاو+ڕەگ+ م کات+ جێناوی لکاو+م کات ا+ناوبریـ+م کات ە).

بریا بمگرتنایە / ئەرێ (ب + م + گر+ت +ن+ا+ یـ +ە) .

خۆزی نەمگرتنایە/ نەرێ. (نە + م + گر +ت +ن +ا + یـ +ە).

تێنەپەڕ (ب+ڕەگ+م کات+جێناوی لکاو+ م کات ا + یـ + م کات ە).

بخەوتمایە / ئەرێ ( ب + خەو + ت + م +ا + یـ +ە).

نەخەوتمایە/ نەرێ. ( نە + خەو + ت + م +ا + یـ +ە).

واتە ئەو کارانەی ڕستەی خۆزگەیی پێکدەهێنن زۆربەیان کاری ڕابردوون و لە شێوەی ئینشائیدان ، بەڵام ئەم جۆرانەشیان هەیە:

- ڕابردووی ئاسایی:

خۆزگە
کاشکی + ڕابردووی ئاسایی (ڕەگ +م کات+ م ب
+ م کاتی ڕابردو+ جێناوی لکاو)
بریا نوستبام = ( نوس + ت + ب + ا + م)
خۆزی حاڵەتی نەرێ = ( م نە +ڕەگ + م کات + م ب + م کاتی ڕابردوو+ جێناوی لکاو)
نە نوستبام ( نە + نوس + ت + ب + ا +م).

- ڕابردووی بەردەوام:
خۆزگە
کاشکی + ڕابردووی بەردەوام / تێپەڕ( دە +جێناوی لکاو
+ ڕەگ+ م کات+ جێناوی لکاو).
بریا دەم کوشتن (دە + م + کوش + ت + ن )
خۆزی حاڵەتی نەرێ ( نە +جێناوی لکاو+ دە + ڕەگ+ م کات+ جێناوی لکاو).
نەم دەکوشتن ( نە + م + دە + کوش + ت + ن ).

تێنەپەڕ( دە+ ڕەگ+م کات+جێناوی لکاو).
دەچووم ( دە + چ + وو + م )
حاڵەتی نەرێ ( نە + دە + ڕەگ + م کات + جێناوی لکاو)
نە دەچووم ( نە + دە + چ + وو + م ).

– ڕابردووی دوور:
خۆزگە
کاشکی + ڕابردووی دوور/ تێپەڕ (ڕەگ+م کات+ڕەگی(بوون)
+ م کات+جێناوی لکاو+(م کات ا+ یـ +م کات ە)).
بریا (خوێن + د + ب + وو +م +ا+ ی+ ە)

خۆزی حاڵەتی نەرێ =(م نە+ جێناوی لکاو+ڕەگ+م کات+ڕەگی (بوون)+ م کات + ا+ یـ +ە).

نەم خوێندبووایە ( نە + م + خوێن + د + ب + وو + ا+ یـ + ە ).

تێنەپەڕ (ڕەگ+م کات+ڕەگی (بوون)+ م کات+جێناوی لکاو+ (م ا+ یـ +م کات ە)).

(چ + وو + ب + وو + ین + ا+ یـ + ە).

حاڵەتی نەرێ=( م نە + ڕەگ + م کات+ڕەگی (بوون)+ م کات+جێناوی لکاو+ م کات ا+ یـ +م کات ە).

نەچووبووینایە ( نە + چ + وو + ب + وو + ین + ا+ یـ +ە ).

- بکەر نادیار:

- خۆزگە
- کاشکی + ڕابردووی بکەر نادیار/ئەرێ=(م ب +ڕەگ + م بکەرنادیار+م کات(ڕابردو)+(م کات ا+ یـ +م کات
ە) بریا بکوژرایە = ( ب + کوژ + ر + ا + Ø+ یـ + ە)
- خۆزی بفرۆشرایە = ( ب + فرۆش + ر + ا + Ø + یـ + ە)

– لە حاڵەتی نەرێ = (م نە +ڕەگ+ م بکەرنادیار+م کات(ڕابردو) + (م کات ا+ یـ +م کات ە))

نەکوژرایە، نەفرۆشرایە...

- خۆزگە خانووەکەمان بفرۆشرایە.
- بریا دزەکە بگیرایە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی سەرەوە پێکهاتە و داڕشتنی ڕستەی خۆزگەیین، بەڵام ئەم پێکهاتەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێ، وەک:

- خوێندبام.
- بم خوێندبا.
- بم خوێندبایە.
- خوێندبامایە...

ڕانەبردوو: ئەم جۆرەشیان لە ڕستەی خۆزگەیی هەیە، بەڵام وەکو کاتی ڕابردوو باو نییە و زۆر دەگمەنە، وەک:

- خۆزگە من ببمە درەختێک

بۆ قوتابخانەی کچان (پیرەمێرد،٢٠١٦ ، ٣٦٩)

- خۆزگە ببینم دوای من چیتان بەسەردێ.

**مەبەست و بەکارهێنانەکانی ڕستەی خۆزگەیی:**

ئەم جۆرە ڕستەیە لە بنچینەدا بە مەبەستی پەشیمانییە بە (کردن و نەکردنی) کارێک، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا چەند مەبەستێک لە خۆ دەگرێ لە وانە:

**١.دوعالێکردن/ تووککردن:**

- بریا هەر دوو چاوی کوێربایە.
- خۆزگە ملی شکابایە.

**٢- ئاوات و ئارەزوو:**

- خۆزی حکومەتێکی دادپەروەرمان هەبووایە.
- بریا نەخۆشی کرۆنا لە جیهان نەمابایە.
- بریا ببام بە خەونی بەهادار

لە خۆشە خەوی شەوی یاری تار (پیربال مەحمود،٢٠٠٥، ٢٣٢)

**٣- نزا و پاڕانەوە:**

- بریا خوا لێمان خۆشبووایە.
- خۆزگە بارانێکی بەڕەحمەتمان بۆ بباریبا.

**٤- نارەزایی/گلەیی:**

- کاشکی حکومەت هاوکاری زیاتری خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکانی بکردبا.
- خۆزگە دایک و باوکەکان لە خانەی بەساڵاچووان نەدەژیان.
- بریا یارمەتیت دەدا.

**٥- پەشیمانی:**

- بریا دەرگاکەم نەکردباوە.
- خۆزی گوڵەکانم ناردبا.
- خۆزگە ئەو کارەم نەکردبا.

**جۆرەکانی ڕستەی خۆزگەیی لە ڕووی ڕۆنانەوە:**

ڕستەی خۆزگەیی لە ڕووی ڕۆنانەوە دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

١.ڕستەی سادە: ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە تەنیا یەک کاریان تێدایە، ئەویش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە (سادەترین ڕستە، ڕستەی سادەی ئاسایی، ڕستەی سادەی فراوانکراو) ڕستەی خۆزگەییش ئەم جۆرانەی هەیە ، وەک:

- خۆزگە خەوتبام.
- خۆزگە ئەو وانەکانی بخوێندایە.
- خۆزی منداڵە بچووکەکەیان لەگەڵ خۆیان بۆ هەندەران بردبووایە.

- مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی

خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ٢٠٢١، ١١٧)

٢.ڕستەی لێکدراو: ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە پتر لە کارێکیان تێدایە و هەر کارێک ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ، بەڵام بەشدارییەکی هاوبەش لە نێوانیان هەیە وەک: بکەر ، بەرکار، کار... (ڕەسوڵ، ٢٠١٤ :٣٣). لە ڕستەی لێکدراودا ئامرازە لێکدەرەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە لێکدانی ڕستە سادەکاندا ، ڕستەی خۆزگەییش لە ڕووی ڕۆنانەوە لە شێوەی ڕستەی لێکدراویش دەبینرێ، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- خۆزگە بەیانی بهاتمایە و بە چاوی خۆم بم بینینایە.
- ئاخ، خۆزگە گوناە بۆگەنی ئەبوو

کەس بەلای پیاوی بەدا، نە دەچوو (پیرەمێرد، ٢٠١٦، ٣١٥)

- خۆزگە من ئاغای خاوەن دێ ئەبووم

خاوەن دەسەڵات شوێن و جێ ئەبووم ( قانع، ١٩٧٩، ٣٠٥)

- خۆزگە من حاجی یان توجار ئەبووم

ئاشنای لادێ و خەڵکی شار ئەبووم (قانع،١٩٧٩، ٣٠٤)

- خۆزگە پێستێکی ئەستوورم ئەبوو

لا ئەستوورەکەم ئەخستە سەر ڕوو ( پیرەمێرد،٢٠١٦، ٢٠٤)

٣- ڕستەی ئاڵۆز: ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە لە ڕستەیەکی سەرەکی و پاڕستەیەک یان چەند پاڕستەیەک پێکدێ ، ڕستە سەرەکییەکە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام پاڕستەکان بەندن بە ڕستە سەرەکییەکەوە چەند زانیارییەک لەبارەی توخمێکی ڕستەی سەرەکی لە خۆ دەگرێ. ڕستەی سەرەکی لەم جۆرە ڕستەیەدا بە خورتییە و دەبێ هەبێ، بەڵام پاڕستەکان بە ئارەزووە

دەشێ لاببرێ بێ ئەوەی ڕستەی ناڕێزمانی دروست بکات . پاڕستەکان کە بە هۆی ئامرازەکانی گەیەنەرەوە دەگەیەنرێنە رستەی سەرەکی، ئامرازەکان تێکەڵ بە داڕشتنی پاڕستەکان دەبن. ئەم جۆرە ڕستەیەش لە رستەی خۆزگەییدا زۆر دەبینرێن ،وەک:

- خۆزگە ئەمزانی ئەم ڕەشەبایە
کە بە هاوین دێت بۆ چ وا گەرمایە. (پیرەمێرد،٢٠١٦، ٢٠١)

- هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کە بەو مانگە شەوە جوانە
دانیشتووی لە رژد و هەڵدێر
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر (هێمن، ١٣٩٦، ١٠٥)

- خۆزگە هەر کەسێ کە حەفتەی ڕابورد
چاکە و خراپەی بەراورد ئەکرد (پیرەمێرد،٢٠١٦، ١٠١)

- خۆزگە یار ئەبوو بە خاوەن قەرز لێم
بۆ هەر کوێ ئەچووم ئەهاتە سەر ڕێم (پیرەمێرد، ٢٠١٦، ٢٤٤)

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووین:

١- خۆزگەیی یەکێکە لە جۆرەکانی داخوازی ، کە قسەکەر ئاوات و ئارەزووی بەدەستهێنانی شتێک دەخوازی لە پێناو خۆشەویستی، کە لە ڕابردوو رووی داوە و بەسەرچووە و هەرگیز بەدەست نایێ و ئەنجامدانی کارەکە دەبێتە خۆزگەیی.

٢- ئەم جۆرە ڕستەیە بە هۆی مۆرفیمی خۆزگەیی و کارەکەی کە زۆربەی جار ڕابردووە لە ڕستەکانی تر جیادەکرێتەوە و شێوەی سەربەخۆی دەبێت.

٣- ڕستەی خۆزگەیی لە ڕووی ڕۆنانەوە بە شێوەی ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆز دەردەکەوێت.

٤- ڕستەی خۆزگەیی چەند مەبەستێک دەگرێتە خۆ، لەوانە: دوعالێکردن/ تووککردن، ئاوات و ئارەزوو، نزا و پاڕانەوە، ناڕەزایی و گلەیی و پەشیمانی..

٥- خۆزگە لە ڕووی واتا و بەدیهاتنەوە دەکرێت بە: ( خۆزگەی مەحاڵ و خۆزگەی دوور لە مەحاڵ).

## سەرچاوەکان:

- ئەمین، نوری عەلی (١٩٥٦)، قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا،بەرگی یەکەم، بەغدا.
- ئەمین، نوری عەلی (١٩٦٠). قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا،بەرگی دووەم، بەغدا.
- خدر، هاوکار عومەر (٢٠١٣)، گرووپی ئارایی و جیاوازیان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هێڤی/ هەولێر.
- شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٣) ، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- شوانی، ڕەفیق (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، هەولێر.
- کابان، سەعید سدقی (١٩٢٨) ، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٩)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا. ب٣- واتاناسی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
- گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١) ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، لایەنە ڕەوانبێژیەکان لە شیعری کلاسیکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

## سەرچاوەی نموونەکان:

- دیوانی پیرەمێرد (٢٠١٦)، سلێمانی.
- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی(٢٠٢١)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.
- دیوانی قانع (١٩٧٩)، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- ناڵەی جودایی - هێمن (١٣٩٦)، مهاباد.
- دیوانی پیرباڵ مەحمود (٢٠٠٥)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

## سەرچاوەکان بە عەرەبی:


- باطاهر، بن عيسى (٢٠٠٨)، البلاغة العربية مقدمات وتطبيقات، ليبيا ط١ .
- عباس، فضل حسن (١٩٨٩)، البلاغة فنونها وافنانها/ علم المعانى، دار الفرقان للنشر-والتوزيع، عمان/الأردن.
- قيود، بسيونى عبدالفتاح (٢٠١١)، علم المعانى/دراسة بلاغية ونقدية لمسائل المعاني، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، ط٣.

## الملخص

## أسلوب التمني في اللغة الكوردية

هذا البحث يختص بتحليل بعض الجوانب الدالة على التمني في اللغة الكوردية ضمن المستوى التركيبي والمستويات الأخرى حسب ما تستدعيه طبيعة المعالجة البحثية، ويعد التمني أحد الأساليب الطلبية، الذي يستعين به المتكلم في الخطاب العادي أو الأدبي بغية تحقيق مطلبه الذي يراه بعيد المنال، فيضطر إلى تمنيه والتعبير عنه بهذا الأسلوب الدال على استحالة حصوله، ويُعزى سبب اختيار هذا الموضوع إلى عدم وجود دراسة مباشرة مستقلة بمعالجته كسائر الأساليب الأخرى، وجُعلت اللهجة الكوردية الوسطى مادة البحث التي تنوعت نماذجها بين القصص والأبيات الشعرية والأمثال وبعض الخطابات اليومية المتداولة، واتبع البحث المنهج الوصفي التحليلي.

ويتألف البحث من محورين ومقدمة ونتائج البحث، فاختص المحور الأول بعرض بعض الدراسات السابقة المتناولة لأسلوب التمني وتقييمها، أما المحور الثاني فحمل عنوان ( التعريف وأنواع التمني)، ليخوض في: ( تعريف التمني، وخصائص أسلوب التمني، ومورفيمات التمني، وصيغ التمني وأنواعها من حيث الشكل والمضمون).


الكلمات المفتاحية: التمني، مورفيمات التمني، أنواع الجمل، مكونات التمني.

# Abstract

## Wishing Style in Kurdish

This paper, which entitled 'Wishing Style in Kurdish', is an analysis of some semantic aspects of wishing at the structural level and other levels deemed necessary in the course of analysis. Wishing is considered a way of demanding something. The speaker utilizes this style in normal or literary discourse to express his desire to get something he thinks is unattainable. In other words, he resorts to wishing when he wants to state that he likes something to happen even though it is hard to happen. The reason why we have chosen this topic is that there has not so far been any study in Kurdish dealing with this topic directly and independently.

The data of this study are stories, poems, proverbs, and daily conversations in Central Kurdish. This study follows a descriptive method of analysis.

The paper consists of an introduction, two sections, and conclusion section. The first section reviews and evaluates some previous studies pertaining to wishing style. The second section, which is entitles 'Definition and Types of Wishing', deals with the definition, feature, morphemes, styles, and types of wishing from both form and content perspectives.


Keywords: Wishing, wishing morphemes, types of sentence, and components of wishing.